وەزارەتی ناوخۆی کوردستان پەیامێک ئاراستەی هاندەرانی یانەکانی زاخۆ و نەورۆز دەکات لە شاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لەسەر ڕوداوەکەی ئەمشەوی نێوان هاندەرانی نەورۆز و زاخۆ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروستدەکرێت و سبەی سەردانی شوێنی ڕوداوەکە دەکرێت.

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمشەو لە ڕاگەیەندراوەکدا باسی لێوەکردوە، "ئەمشەو لە یاریەکی گۆپی 29ی خولی ئەستێرەکانی عێراق کە لە یاریگای نەورۆز لە شاری سلێمانی لە نێوان یانەی وەرزشی زاخۆ و یانەی وەرزشی نەورۆز بەڕێوەچو، بەداخەوە گرژیی دروستبو لە نیوان هاندەرانی هەردو یانەکە و بوە هۆی وەستاندنی یاریەکە و بە سوکی بریندار بونی ژمارەیەک هاندەر".

ئاماژەی بەوەشکرد، بارودۆخی نەخوازراو کۆنترۆڵکراوە و هێزەکانی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی لە گۆڕپانەکەن بە ئاساییکردنەوەی دۆخەکە و پاراستنی گیانی یاریزان و هاندەران.

لە ڕاگەیەندراوەکدا هاتوە، بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ ئەنجومەنێکی لێکۆڵینەوە دروستکرا و بەیانی سەردانی شوێنی ڕوداوەکە دەکات بە لێکۆڵینەوەکردن و دەرخستنی ڕاستییەکان.

وەزارەتی ناوخۆ داوا لە هاندەرانی هەردو یانە و هاوڵاتیان دەکات کە بە ڕەحی وەرزشی مامەڵە بکەن و کۆناڵەکانی میدیاش هاوکاربن لە بڵاوکردنەوەی ڕەحی وەرزشی و برایەتی کە بەشێکن لە بنەماکانی

کۆبەکەی نێوان هەموو یانەکانی کوردستان و عێراق و وەرزش بە شێوەیەکی گشتی.